# ڕەوشی کوردی فەیلی لە عێراقی نوێدا!

لە ٩-٤-٢٠٠٣ ڕژێمی دیکتاتۆری ڕووخا، کوردانی فەیلی لە پێش هەمووانەوە بەو گۆڕانە شادومان بوون، چونکە لەسەردەستی ڕژێمی بەعس و ئەوانەی پێشووتریش لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دووچاری ستەم و زۆرلێکردن هاتبوون، بەهۆیەوە نیو ملیۆن کوردی فەیلی لە ڕەگەزنامەی عێراقی بێبەش کرابوون، تۆمەتی بیانی و بەکرێگیراویان خرابووە پاڵ، موڵک و زەویەکانیان دەستی بەسەرداگیرابوو، بەڵگەنامە و تاپۆکانیان لەنێو بردبوون، بۆ دەرەوەی نیشتمان دوور خرابوونەوە. بەبێ خۆراک و پۆشاک لەنێوان ئاسمان و زەویدا ڕاگیرابوون، بەرەو ڕێگەی بەمین چێنراوە ڕەتێندرابوون، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ساوایانی شیرەخۆرەو منداڵ و ژن گیانیان لەدەست دا، لەلایەکی دیکەشەوە حەڤدە هەزار گەنج و لاوی کوردانی فەیلی قۆڵبەست کران و ڕەوانەی زیندان کران. ئەوانەی دەربازبوون لە ئۆردوگەی زۆرەملێ لە ئێران نیشتەجێ کران. ئەو ئاوارانە بەرگەی ڕەوشێکی ترسناک و ناخۆشیان گرت، لە وەرزی زستان خۆراکی کەم و بێ سووتەمەنی بوون، کۆمەڵی نێو دەوڵەتی چاوو گوێی خۆی لە ئازارەکانی ئەو مرۆڤانە داخست، بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکی دیکە لەبرسان دووچاری نەخۆشی هاتن و گیانیان سپارد، کەسێک نەبوو بەخاکیان بسپێرێ، بەشێک لەو ئاوارانە بەدوای ژیانێکی باش گەران وخۆیان دەرباز کردو گەیشتنە ئەوروپاو ئەمریکا، بەزۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبوونەوە. دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو کارەساتە، دەکرا بپرسری لەو ساڵانەدا چی گوزەرا؟!

بەشێک لەو ئاوارانە دوای ئەو ساڵانە کە لە ئێران گەڕانەوە بەختی ئەوەیان پێبڕا کە بیتاقەی سەوز وەربگرن کە بەڵگەنامەیەکی کاتی بوو، وەک بیانی ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا و پێوانەی عێراقیان بۆ نەکرا. کاتێک گفتوگۆ سەبارەت بە دانانی یاسایەکی نوێ کرا ( هەرچەندە لە ئاستی پێویست نەبوو) بەڵام دەستەڵاتی کاتی ( سەردەمی حاکمی مەدەنی ئەمریکی، پۆل بریمەر) ئەو کێشەیەکی چارە نەکرد و بۆ حکومەتی هەڵبژێردراوی داهاتووی هێشتەوە. ئەنجوومەنەی حوکمی گواستنەوە لە پێکهێنانی وەزارەتەکاندا کوردانی فەیلی بێبەش کرد، بڕیاری ژمارە ١١١و ١١٧ی ساڵی ٢٠٠٣ی سەبارەت بە گێڕانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەوانەی دەرکرد کە لە دوای ساڵی ١٩٥٨ەوە لێیان وەرگیرابۆوە، ئەمەش لەژێر چاودێری ڕکابەری دادوەری دابوو، تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە. بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەت کاریان بەو بڕیارە نەکرد و لەسەر ڕەفەکاندا داندران و تۆزو گەردیان لەسەر نیشت، ئاکامەکەی سیفەتی ڕاوێژی وەرگرت نەک زیاتر. هەرچەندە بە فەرمانی دەستەڵاتی ئیئتیلافی کاتی وەزارەتی ئاوارەو پەنابەران دروست کرا، بەڵام نەتوانرا ئەو ستەمە بسڕێتەوە کە دەرهەق بە کوردانی فەیلی پێڕۆ کرابوو، تەنانەت قەوارەی کارەساتەکەشی بۆ کەم نەکردنەوە. هەمان شت لە دەستەی چارەسەرکردنی ناکۆکی زەوی و موڵکەکان کە بەگوێرەی لائیحەی ڕێکخستنی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٤ و ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٠٤ ڕێکخرابوون، دووپات کرایەوە. سەرەنجام یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی بەبێ کۆدەنگی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کە ئەمە پێچەوانەی دەستوورە، دەرچوو.

ئەو هەموو یاسایانە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دەستەی ناوبراو نەیتوانیوە کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات. تەنانەت وا پێشان نەدرا کە ئەوانەی بەبڕیاری ٦٦٦ی ساڵی ١٩٨٠ ی ئەنجوومەنی سەکردایەتی شۆرش ( کە باڵاترین دەستەڵاتی یاسادانانی ئەو کاتە بوو) بە زۆرەکی ڕاگوێزراون و دەست بەسەر موڵک و ماڵیان داگیراوە. چاو لەو ڕاستیانە پۆشرا و مافی ئەو هەموو ساڵە ئاوارەیییان بۆ قەرەبوو نەکرایەوە. بەهۆی هێواشی کارە ڕۆتینیەکان ئەو موڵک و زەویانە بۆ خاوەنەکانی ڕاستینیان نەگێڕدرانەوە.

کاتێک یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دەرچوو، هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی هەڵوەشاندەوە کە ئەنجوومەنی کاتی و دەستەڵاتی ئیئتیلافی کاتی دەریان کردبوو. بەتایبەتی کە ئاسۆ لە هەردوو بڕگەکانی یاسای ئینتیقالی بەتایبەتی لە ماددەکانی ٦ و ١١ دا دەدرەوشانەوە، بەڵام کاتێک حکومەتی کاتی و ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی دروست بوون، تارمایی بەسەر ئەو ماددانەش داهات، چونکە دەنگی کوردی فەیلی لەوی بوونی نەبوو. کاتێک ئەو حکومەتە بە پێویستی زانی کە ڕەوشی ڕاگوێزراوەکان چارەسەر بکات، خۆڵی لەچاوان کرد، نووسراوێکی فەرمی پێچەوانەی دەستوور لە ژێر ناوی ( باری تەبەعیەی ئێرانی) دەرکرد، کەئەمەش چەمکێکی هەڵەی سەردەمی ڕژێمی پێشو بوو، کە کوردانی فەیلی وەک بیانی پێوانە کردبوو. ئیدی مەزلومیەتەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نەکرا. ئەگەر بیانگەڕێینەوە بۆ بنەمای یاسایی پێش ڕاگواستن کە بە گوێرەی یاسای ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٦٣ بە سیفەتی بیانی و بەکرێگیراوو نا عێراقی ڕەفتاریان لەگەڵدا کرابوو، دەکرێ بگوترێ کە هەوڵ نەدراوە ئەو ستەم و کێشانە چارەسەر بکرێن کە دەرهەق بە کوردانی فەیلی ئەنجام دراون. لەسەر ئەم بنەمایە بەڵگەی ڕەگەزنامەی ڕاگوێزراوان درا، کە ئەم دەربڕینەی تێدا هاتووە: { ڕەگەزنامەی پێشوو، تەبەعیەی پێشینەی دایک، تەبەعیەی پێشینەی باوک} بۆ زانین ئەم نموونەیە لە بڕیاری ساڵی ١٩٨٠ی ڕژێمی گوڕبەگۆڕبوو.

تا ئێستا ئەو ستەم و زنجیرەکانی بەبێ پسانەوەو ڕاوەستان دژ بە کوردانی فەیلی بەڕێوەدەچن. دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و دامەزراندنی حکومەتی گواستنەوە دیتمان وەزیرێکی کوردی فەیلی دەست نیشان کرا، چونکە ١٠ نوێنەری کوردی فەیلی لە ئەنجوومەندا هەبوون، بەڵام لە هەڵبژاردنی دواتر کەم کرایەوە، کە زۆربەیان لەسەر لایەنی سیاسی و حزبی کاندیدا کرابوون، ئەمەش بۆ ڕیکلامی تایبەت و بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بوو. بەهۆی ڕەنگاورەنگی لیستە هەڵبژێردراوەکان و بەهۆی سەنگایی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردانی فەیلی لەو شوێنانەی کە تێیدا دەژین لە پارێزگای بەغداد و ناوەڕاست و باشووری عێراق، پاش مشتومڕێکی زۆر بڕیاردراو وەک نەتەوەی فارس پێوانەیان بۆ بکرێ کە ئەمەش بێبەری کردنیانە لە ڕەسەنایەتی عێراقی بوونیان کە هیچ گەردێکی لەسەر نیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەوایەتی بەو تاوانانەدا کە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ دژ بە کوردانی فەیلی ئەنجامی دابوو!!

تەنیا لە دیباجەی دەستوور بە لاوازی ئاماژەی پێدابوو، هەرچەندە کە دەقێکی دەستووری ڕاشکاو نیە ئاماژەی پێبکات و تەنیا خۆڵ لە چاو کردن بوو، هەروەها ماددەی ١٨/ بەندی یەکەم لە ناوەڕۆکی خۆی دەرهێنرا، بۆیە ٤٨ سەعات پێش ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستوور لە ١٥-١٠-٢٠٠٥، بۆ ڕازیکردنی دڵی لایەنی سیاسی جۆراوجۆر هەموار کرا، لەسەر مەزلومیەتی کوردی فەیلیدا ئەم دەستەواژەیە زیاد کرا( ئەم یاسایە ڕێکی دەخات لەسەر دەقی ئەسلی خۆی( هەموو کەسێک ئەگەر لە دایکێکی عێراقی یان باوکێکی عێراقی هاتبێتە ژیانەوە بەعێراقی دادەنرێ) ئەمەش لە مافی دەستووری دا نزمترین ئاست وەردەگرێ. ئەمەش لە یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٦ بڕیاری لەسەردرا، بەمێژووی ٢٨-٥-٢٠٠٥ (کە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاونەکرایەوە تەنیا دوای شەش مانگ لەسەر بڕیارلێدانی) خەریک بوونی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەو دەستوورەوە کە بەشێوەیکی پتەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوو لەبەر خاتری کوردانی فەیلیش دانەندراوە، بەڵکو بۆ زەمانەتی بەشداربوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پاڵاوتنیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا چونکە زۆربەیان لە ڕەگەزنامەیەک زیاتریان هەیە. ئەگەر یاسای ڕەگەزنامەی پێشوو کاری پێبکرابووایە، زۆرێک لەوانەی کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانین لەبەر ئەوەی ڕەگەزنامەی دیکەیان هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بێبەش دەبوون. لەسەر ئەم بنەمایە ڕێنوێنییێکی توند لە وەزارەتی ناوەخۆ دەرچوو کە مەرجی قورسی بۆ کوردانی فەیلی تێدایە،{ دەبێ لەدایک بوونی دایک یان باوکی، باپیرەی، هۆزەکەی و سورەت قەیدی ساڵی ١٩٥٧ بسەلمێندرێ، لەگەڵ ئیفادەی سێ شاهید؟؟} ئەمەش پێچەوانەی ماددەی(٣/ئەلف)ی یاسای ڕەگەزنامەی نوێیە، ئەو مەرجانە لەسەر دامەزراوەکانی شەهیدو زیندانیە سیاسیەکانی کوردی فەیلی جیبەجێ دەکرێ، بەسیفەتی ڕاگیراو نەک حوکمدراو لەکاتی گێڕانەوەی مافی زیان لێکەوتواندا لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا. بەوهۆیەشەوە لە چینی کەمە نەتەوەکان دا پێوانە بۆ کوردی فەیلی کرا، ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی سەنگایی و چڕی دانیشتووان و بۆ کەم کردنەوە لەو قوربانیانەی کە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا پێشکەشیان کردووە. لەکاتێکدا کە پڕۆژە یاسای خزمەتی سەربازی و خانەنشینی سەربازی گفتوگۆی لەسەر دەکرا، هەندێک لە نوێنەران مەرجی هەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقیان بۆ بە ئەفسەربوون لە سوپا دادەنا! دواتر داڕشتنێکی هاوشێوە پەسند کرا کە بریتیە لە دەبێ لە دایک بووی عێراق بێ لە دایک و باوکێکی لە دایک بوویعێراقی!! ئەمەش هەر مەبەست لە کوردانی فەیلیەو ئامانج دوورخستنەوەی ئەوانە لە پۆست و پلەی سەربازی و ئاسایش کە تەواو لەگەڵ سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا یەک دەگرێتەوە.

هەموو ئەوانە بۆ هاوێرکاریە، بەڵام بەبێ بەشداریکردنی کوردانی فەیلی و دەکارکردنی توانا و لێهاتوویی ئەوان پرۆسەی سیاسی پەراوێز دەبێ.. بۆیە دەکرێ بپرسین: ئەمڕۆ کە زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر ڕووخانی بتەکە تێپەڕ دەبێ، کەی ویژدان لە عێراقی نوێدا دەکار دەکرێ؟!



**ریاز جاسم محەمەد فەیلی**
riyadhjasim@yahoo.com

*** نووسینەکە لە ژێر ناوی (متى ينصف الكرد الفيليين في العراق الجديد ؟) بوو بەڵام بە باشمان زانی بیکەین بە (ڕەوشی کوردانی فەیلی لە عێراقی نوێدا)**

* لێکۆڵەری شارەزا لە کاروباری کوردی فەیلی

# جەنابی سەرۆک، سەفەر سەلامەت



جەنابی سەرۆک! بەخێربێیتەوە و ماندوو نەبی ,ئومیدوارم هەرسێ سەفەرەکەت بەدڵ بێت و بەرهەم و دەسکەوتی باشی بو گەلی کورد هەبێت. وەکو جاران گەلی کورد هەموی چاوی لە گەرانەوەی جەنابتانە و چاوەوڕێی دەرەنجامەکانی دیدار و کوبوونەوەکانی ئێوەیە لەگەل دوستان و هاوپەیمانان لە بەغدا و تاران و واشینگتون. بۆچوون و دیدگای جیا جیا هەیە لەسەر ئەم سەفەرانەی جەنابتان . هەندێک بە پارانەوە و نیشانەی خراپی ڕەوشی ئەمروی کورد دەبینن و هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە بە گرنگی رولی کورد وبەهێزبوونی دەزانن. تا ئێستا راپورتەکانی راگەیاندنی کوردی و لێدوانەکانی هەندێ لە بەرپرسان بڵاوکراونەتەوە. بەداخەوە خەڵکی کوردستان ئیتر بروایان بەو راپورتانە نەماوە، چونکە لێپسراوانی کورد ئەم چەند رستانەیان لەبەرکردووە و دوای هەر کۆبونەوە یان سەفەر دووپاتی دەکەنەوە و دەڵێن: کوبوونەوەکە یان سەفەرەکە: سەرکەوتووبوو. هەلوێستی لایەنەکان یەک بوو. لەسەرهەموو خاڵەکان رێککەوتین. کورد رولێکی سەرەکیی هەبوو...هتد.

جەنابی سەرۆک! دەزانم و خەڵکی دلسوزی کورد و دۆستە راستەقینەکانمانیش دەزانن کە ئەو سەفەرانەی جەنابتان لە ڕەوشی باشی گەلی کوردەوە نەبوو، ئەو راپۆرتانەی کە وەکو سەرکەوتن و سەروەری نیشانی دەدەن دوورن لە راستی، پێویستە راستیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێن، چاوەڕوانم و ئومێدوارم و باوەڕیشم پێتە کە جەنابی سەرۆک، ئەو نەریتە کۆنەی سەرکردە کوردەکان بشکێنی و ئەمجارە ڕووداوەکان و راستیەکان وەکو خۆیان بەخەڵک رابگەیەنی و لە ئەگەرو روداوەکانیان ئاگادار بکەیتەوە. راستەوخۆ بە کورد بڵێی: جارێکیتر برا عەرەبەکان فێڵیان لێکردین، چونکە هەرکە حوکمی بەغدا بەهێز ببێت، ئیتر جارێکیتر کورد دەبێ بە کاکە، کاکەش لە فەرهەنگی بەغدادا بەندەو بێبەشە. بڵێ: هاوپەیمانەکانمان ئیتر پێویستیان بە کورد نەما و سەنگەریان گۆڕی. بڵێ : ئەمریکا راوەکەی بە ئێمە کرد و وەکو سیاسەتی جارانی کوردی کردە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆی. بڵێ بروامان بە قسەی هەمویان کرد و لامان وابوو دەستور لای ئەوانیش پیرۆزە، لەبیرمان چووبوو کە عەرەب وەفایان بۆ قورئانیش نەبووە و نابێ.

جەنابی سەروک! دەزانی هاوسێیەکانمان چۆن چاویان سوور بووەو ددانیان لێ قیچ کردووین و چاوەڕێی پەلاماردانن، جگەلە هێرشەکانی شەووڕوژ بە تۆپ و باڵەفری جەنگی بۆ سەر دێهاتە سنوریەکانمان، سەروەت وسامانی کوردستان بەهاوکاری لێپرساوانی ئێمە تالان دەکەن و هەرچی خراپیان هەیە هێناویانە کوردستان.

سەروکی هێژا! لەوانەیە دەور و بەرەکانت ئاگاداریان نەکردووی کە گەلی کورد نزیکە لە سەرکردایەتیەکەی ئەمرۆی و بزوتنەوەکەی بێزارو بێ ئومید دەبێت. ئاگاداریان نەکردووی کە کوردستان بووە بە بازار و لێپرساوانمان بوون بە بازرگان. کوردایەتی بووە بە دیرۆک و پێشمەرگە لە رابردووی خۆی خەریکە پەشیمان دەبێتەوە..و..و..وو

سەرۆک گیان! راستیەکان باس بکە ودڵت والاکە. دان بەوانە دابنێ کە ئەگەر هەڵەش بن و داوای یارمەتی لە هەمو دڵسۆزانی کورد بکە بۆ راستکردنەوەی ئەوانەی بەهەڵە روویان داوەو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان . بڵێ: کە ١٧ ساڵە لە خەونێکی شیرین دابووین، ئیتر دەبێ چاو بکەینەوە. دەنگت بەرزبکە وکورد بە ملیۆنان لەگەڵتدایە. کورد دەیەوێ ئەم ئەزمونە بپارێزێت و ئەو دەرفەتە لە دەست نەدات. داوای راستکردنەوە بکە. دڵنیابە کە نامانەوێ کەس بکوژیت و کەس زیندان بکەیت، ناشمانەوێ ئەوەی بردوویانە لێیان بسەنیەوە، تەنیا و تەنیا داوامان ئەوەیە کە ئیتر بەس بێت و هەمومان بۆ دۆزی گەل کار بکەین و بیر لە کوردستان و ئایندەی کورد بکەینەوە. با بەرپرسەکانمان گوێ لە رای خەڵک بگرن و بەرژەوەندی گشتییان لەبەرچاو بێت، با رۆڵی گەنجان و ئافرەتان لە بەرچاو بگرن، چونکە زۆرن ئەوانەی دەوڵەمەندن با ئەوانیش کار بکەن بۆ خەڵکە هەژارەکە. با ئیتر حیزبەکانمان هەستی نەتەوایەتی لە لای منداڵان و گەنجان بەرزکەنەوە. با حکومەتی هەرێم بەرنامەی خزمەتگوزاری و پێشخستنی پیشەسازی و کشتوکاڵی دابین بکات. با سەروەت وسامانی کوردستان بۆ خەڵکی کورد بێت و بەرهەمی خوماڵی بکەوێتە بازارەوە.

سەرۆکی هێژا! ئەوسا کە نێو ماڵی کورد رێکخرایەوە، نە تەنیا بە پێوەندی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر، بەڵکو پەیوەندی خەڵک و پارتەکان لەلاییێک و پەیوەندی حکومەتی هەرێم و پارتەکان و جەماوەر لە لاییکیتر. ئەوسا کە کوردستان ئاوەدان کرایەوە، ئاوەدانی بەمانای پلاندانان و بەرهەمهێنان وگۆڕینی بنەرەتی لە کومەڵ دا ، نەک بە بەرزکردنەوەی تەلار و هوتێل و سۆپەرمارکێتی گەورە . ئەو کاتە کورد دەتوانێ بڕیاری خۆی هەبێت و داوای هەمو مافەکانی خۆی بکات و سەرکردایەتیش دەتوانێ هێڵی سووری داخوازیەکان دیار بکات و لێی پاشگەز نەبێتەوە، هەروەکو لە گەراندنەوەی کەرکوک و ناوچەکانیتر خەریکە پاشگەز دەبێتەوە. ئەو کاتە کورد دەتوانێ ئەوەی بیەوێ بیکات. ئەوکاتە (برا) عەرەبەکان و هاوپەیمانان و ئەمریکاش حسابمان بۆدەکەن. ئەوکاتە ترسی ئەوەمان نابێت نەوەکانی داهاتوو نفرینمان لێبکەن. ئەوکاتە سەفەرەکانی جەنابتان زۆر زۆر گرنگترو مفادارتر دەبن.

سەرۆکی بەرێز! بەخێر بێیتەوە ، ئومێدوارم کاتی خوێندنەوەی ئەم چەند دێرانەت هەبێت.

**بێستوون بەرواری**

**سوێد ٢٠٠٨/١١/٥**

biston.berwari@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com